www.kurdistannet.org
31-10-2005 18:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک  لە 7-11 تاکو 11-11-2005

## ویستم بژیم

چرۆ زەند
zandchro@hotmail. Com



بە یانیەنی سارد، کۆتای مانگی نۆڤەمبەر. بەفر هێدی هێدی سەراپای زەوی سپی دەکرد. ووردەبای سەر کەناری رووبارە کەش زیادی دەکردو دەبوو بە گەردەلول دەیدایەوە بەڕووی رێبوارەکانی لاڕێگەکە. لە توورەیی زستانێکی دلڕەقدا، هەموو شتێ جوان و پرشنگدار بوو داوای ژینو ژیانەوەی دەکرد. لەناو جێگەکەمدا بووم. زەنگی تەلەفۆن هەر وەك سەعاتێکی تەنیشت سەر لەگەڵیدا چاووم لە خەو هەڵهێنا، دەمویست خێرا راست ببمەوە بچم بە دەنگەوە، کەچی دەتگوت بە جێگەکەمەوە شەکەت دراوم، ناچار وازم لێ هێناو گوێم گرت لە پەیامی چوونم بۆ ئمیرجنسی، (1) زۆر بەپەلە. لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی خۆێن لە نەخۆشیەکی زۆر کووتو پری تەنها ئێوارەیەکی پێشتردا.

دوای شەوێکی دوورو درێژ و پڕلە ئازار لە ئیمیرجنسی، خەواندنمیان لە نەخۆشخانە بەبێ دەستنیشان کردنی نەخۆشیو ڕۆژەکانی مانەوەم. یەکەم پرسیار لە مێشکمدا برووسکەیدا؟ دوو جگەر گۆشەکەم سۆمای هەردوو چاوەکەم (لاس و لیزا) ئەم شەو من بە ناچاری لێتان دوورم. بەڵام چاوەکانم کوێربن گەر بۆساتێ سیماو دیمەنی ئێوە لە چاو وون بکەم. من ئەوشەوەم لێ نەدەرۆی، ساتەکانم بە پەنجەی دەست دەژمارد تا بەیان هات، کەچی وا مانگێك و دوو مانگ و سێ مانگیش خەریکە دەڕوا و هیوای دۆزینەوەی نەخۆشیەکەم لە نیگای هیچ دکتۆرێکدا بەدی ناکەم. کسپەی ئازار لە ناخدا دەمبرژێنێ، لە ئەشکەنجەی نەخۆشیەکدام خەو لە چاووم دەرەخسێنێ، دنیایەکە وەختە چرۆی ژینم بوەرێنێ. لە ژوورێکدام هەروەك بەندم، لەوەدەچێ هۆدەی چاوەروانی مەرگ بێ.

شەوگار دەڕوا لە دوای شەوێکی ئمیرجنسی، منیش لە قوڵای خەیالی کچی خۆمدا خەوو دەبینم. شا گووڵەکەم لە خەونمدا دەست بە پرچە نەرمەکانتا دێنم. هەر وەك جاران گوێ دەگری لە چیرۆکی خۆشەویستی (من و باوکت، من و خێزانەکەم، من و ووڵاتەکەم) کە بۆم دەگووتی. کۆتایی هەرسێ جودای بوو بەم شێوەیە؛ یەکەم خۆشەویستی و جیابوونەوە، دووەم خۆشەویستی و دوورکەوتنەوە، سێهەمیشیان کە لە هەمووی زامدارترە خۆشەویستی و پێکنەگەشتن. هەروەك لە کۆتاییەوە بڕوانیتە سەرەتا، مردن و ژین. بەڵام کچی شیرین دڵنیابە پەشیمان نیم لە بوونی تۆ نە لە بوونی خۆشم کە ئافرەتم، گەر پێچەوانەکەی نەبێ. دڵگران نەبووم لە ئازاری ئەو ژانانەی کە مژدەی لە دایك بونی تۆیان پێ بوو لە شەوێکدا، چونکە بوونی مرۆڤێ بۆ ژین شایستەی ئەو ئازارەیە. لە دوای ئەو شەوەوە، من نەخۆشی و نەخۆشخانەم نەبینیەوە. بەڵام ئەمرۆ، ژانو ئەشکەنجەکانم بێ مەرامن، ئارەقی تا هەروەك ڕێژنە ئاوێك ئەیدا بە رووخسارمدا خۆ بارانیش نیە تا بینایم بمبا بەرەو ئاسمانی سەرسەخت. نە چاوەرێم کە ژین بدەم بە کۆرپەیەکی لە تۆ شۆختر.

ئازیزیزەکەم کوڕی ژیرم، هەر لەو خەونەشدا دەرگا لە تۆ دەکەمەوە چونکە پێت دەگووتم زیزم لەوەی کەنات بینم لەماڵەوە. ئەی ئێستا کێ دەرگات لێ دەکاتەوە تا بە باوەشی خۆشەویستی پێشوازیت کا؟ ئەی پێم بڵی چۆن بەیانیان ملی ڕێگە دەگریتە بەر بە تەنیایی بۆ قوتابخانە لە ناو شەختەو سەرمای ئەو بەفرە بێبەزەییەدا؟ ئایا تینویت؟ ئایا برسیت؟ برسیەتی. . ! ئەی لەو دەردە کوشندەیە. دەبێ مرۆڤی برسی چ ئازارێکێی سامناك بچێژێ؟!
من بەبواردنی ژەمەکانی دوو سێ مانگم خەریکە ژین لەدەست بدەم. ئەی ئەوانەی چوار وەرزی سال لێدەبوورن، یا بە درێژیی ژین برسین؟ من هەبووم و ناتوانم بخۆم! ئەوان ڕەنگە دەستیان بە سەرەنووێلکیشدا نەگا. ئەشکەنجەیەکی یەك بینا و بێ کۆتایی تەواو نابێ، تەنها مردن بە فریای دێ. بەلاّم ڕەنگە ئەوانیش مردنیان پێ ناخۆش بێ هەولً بدەن لە چنگی هەڵێن. دەبا گشت سەرمایەی ئەم جیهانە ببێتە دوا قوربانی لە پێناوی رزگارکردنی هەتاهەتایەی مرۆڤایەتیدا. تا برسیەتی ڕیشەکێش بێ.
وا بەیانە، خەونەکانم نەهاتنەدی. لە سەر کورسی پەککەوتەم و لە بەر پەنجەرە داخراوەکانی ژوورەکەمدا تا چاو برکا دەروانمە ئەو قوتابیانەی کە جانتاکانیان دەکەن بە شانیاندا ڕێدەکەن بۆ قوتابخانە. شێوەی هەردووکتانیان تیادەبینم، هەرچەندە دڵنیام لەوەی ڕێی قوتابخانەکەتان ناکەوێتە سەر ڕێی ئەو نەخۆشخانەیەی کە ئێستا منی لێم. دووبارە لە پاش کاتی سێی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا ووردەبمەوە لەوخوێنکارانەی دەپەڕنەوە، گشیان دەگەڕێنەوە بەرەو ماڵ. . . . . دوو کۆرپە شیرینەکەم نیگای ئێوەم نەدی هەرگیز. بەنائومێدی دەگەڕێمەوە سەر پێخەفەکەم، دەڵێم ئەمرۆش ناگەم بە دیدارتان، بەلاّم لە دڵدا هەر بە هیوام، هەر چاوەڕێم. ئەی تۆ بڵێی ئەو مرۆڤانەی بزرکران، زیندان کران، ئەنفال کران خۆشەویستانیان هەر بە هیوای دیدار بن؟!
وا لە چوارچێوەی ئەم هۆدە تەنگەدا، پێشوازی دەکەم لە ساڵی نوێ. ئێوە ئەمشەو لە خەونمدان لە خەیاڵمدان لەم جەژنی سەریساڵەدا. لە باوەشی خۆشەویستی یەکتریدا هەرسێ نووستوین. دەستەکانم بۆ ناجووڵێ لەمن وایە هەریەکەتان لەسەر دەستێکمن بۆیە توانایان نەماوە، وا ئێوە لەبن دەستمن کەچی دەستم پێتان ناگا. گوێم لێتانە گفت دەکەن، باس لە تەنییای خۆتان و لە پەژارەی گەڕانەوەی دایکتان دەکەن. کەچی من گفتیشم پێ ناکرێ. چاو بە پەرتووکەکانمدا دەگێرم تا چیرۆکێکی لێ هەلبژێرم و بۆتان بخوێنمەوە، بەلاّم مەیلی خوێندنەوەشم نەماوە. تەوژمی هەستێکی دڵتەنگی لە دەروونما هەڵدەکا. ئەی لەو شەوە ناهەموارەی کە تەنها گۆڕینی ژمارەیە، کەچی تێیدا چەندە بە حەسرەتی ژینم.
گەلێ شەوهاتن بە دوای ئەو شەوەدا، ئەو شەوانەی کە بۆ چەند ساتێ خەو نەدەچووە چاووم، گشتی پڕبوون لە ڕوودا و کارەسات و مردن لە نەخۆشخانە. دووبارە باسی مردن یەخەی گرتمەوە. برای شیرین تۆش تێشووی سەفەرێکی سەختت گرتە بەر بۆ دیدارم. وا خەریکی فرمێسکەکانتم لێ دەشاریتەوە کە مەرگمی تیا بەدی دەکەم، هەوالێکی چاك بوونەوەم نابیستی تا وەلاّمی تەلەفۆنی دایك و باوکم، خوشك و برا و خۆشەویستانم بدەیتەوە، بەلاّم من ژین لە خۆشەویستی ئێوەدا دەبینمەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە ناوتان. وا بە نیازم خۆم لەو ووشەیە بدزمەوە و بەرگری کەم، دەمەوێ لە چنگی مەرگ هەڵێم، هەر بۆیەش بوو کە نەمردم،
ویستم بژیم.
فێبریوەری 2005

(1) ئیمرجنسی: بەشی ڕووداوی کوتوپڕ لە نەخۆشخانە.